گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سیستەمی پاشایەتی دەستووری و چەسپاندنی لە هەرێمی کوردستان

**وژار فهری سعدی**
بەشی دیپلۆماسیەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، کۆلێژی یاسا و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
wzhar.saadi@lfu.edu.krd

**هاوار محمد یوسف**
بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
hawar.yousif@lfu.edu.krd

**کریم کاوە کریم**
بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
kareemkawa85@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٦/١٨
پەسەندکردن:٢٠٢٢/١١/٢٠
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Constitutional Monarchy, Democracy, Absolute Monarchy, Kurdistan Region, Separation Of Powers*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.23

## پوختە

پاشایەتی دەستوری، پاشایەتی پەرلەمانی، یان پاشایەتی دیموکراسی، جۆرێکە لە دەسەڵاتی پاشایەتی کە تیایدا پادشا بە پێی دەستوورێک دەسەڵاتی خۆی بەکاردەهێنێت و بە تەنیا نییە لە بڕیاردان. پاشایەتییە دەستوورییەکان جیاوازن لە پاشایەتییە ڕەهاکان، چونکە پابەندن بە بەکارهێنانی دەسەڵات لە سنوورێکدا کە لە چوارچێوەیەکی یاسایی دامەزراودا دیاری کراوە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لەو جوگرافیایە، ئەو وڵاتانەی کە پاشایەتی دەستووریان چەسپاندووە وەک سیستەمی سیاسی وڵاتەکەیان، سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە بەو پێیەی تا ئێستاش وڵاتەکەیان ئارامە و گەشەسەندنی سیاسی تێیدا بەردەوامە. لە بەرامبەردا ئەو وڵاتانەی کە سیستمەی کۆماریان چەسپاند وەک سیستەمی سیاسی بۆ وڵاتەکەیان، تووشی چەندین کارەساتی سیاسی هاتن وەک جەنگی ناوخۆیی، کودەتای سەربازی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و بەهاری عەرەبی کە تا ئێستاش هەندێک لەو وڵاتانە گیرۆدەی دەرەنجامی ئەم ڕووداوانەن وەک سوریا گیرۆدەی دەرەنجامەکانی بەهاری عەرەبیە و یەمەن نەیتوانیوە لە جەنقی ناوخۆ دەرباز بێت. بە لەبەرچاوگرتنی هەردوو نموونەی سیستەمی سیاسی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پەیرەوییان لێکراوە، هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوود لە ئەزموونی وڵاتێکی وەکو ئوردن بکات و سیستەمی پاشایەتی بچەسپێنێت وەک سیستەمی سیاسی هەرێم.

## 1. پێشەکی:

هەرێمی کوردستان وەک هەرێمیکی دانپێدانراو لە دەستووری عێراقی فیدرال خاوەن دامەزراوەی حوکمرانی تایبەت بە خۆیەتی، بەپێی دەستووری عێراق، هەرێمی کوردستان مافی نووسینەوەی دەستووری تایبەت بە خۆی هەیە وەک لە ماددەی ١٢٠ دا هاتووە (هەرێم دەستورێک بۆ خۆی دادەرێژێت، هەرەمی دەسەڵاتەکانی هەرێم و میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە دیاری دەکات بەمەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەو دەستوورەدا). ئێستا هەرێمی کوردستان هەرێمێکی بێ دەستوورە و بریارە کە لەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا (کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان) دەستوور بنووسرێتەوە، چەندین رەگەز هەن کە وا لە هەرێمی کوردستان دەکات ئەم سیستەمە بچەسپێنێت، یەکێک لەو رەگەزانە دەگەرێتەوە بۆ ئەو فرە نەتەوەییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە. لە جیهاندا، ئە وڵاتانەی کە خاوەن فرە نەتەوەیین سیستەمی پاشایەتی دەستووری پەیرەو دەکەن بەو پێیەی کە ئەم سیستەمە سازگارە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی ئەو وڵاتانە بۆ نموونە بەریتانیا، بەلجیکا، ئیسپانیا، لەم وڵاتانە بەرپرسیاریەتی پاشا یان شاژن دوور لە لایەنگری سیاسی، پاڵپشتی و نوێنەرایەتی هەموو تاکێکی وڵاتەکەی دەکات، پاشا کەسێکی سیاسی نیە کە کارنامەی سیاسی پارتێک جێبەجێ بکات، بەڵکو رۆڵی بریتیە لە پاراستنی خاک و وڵات لە کێشەی قوڵ و پتەوکردنی یەکریزی خەڵک.

### ئامانجی توێژینەوە

لە ساڵانی رابردوو بەهۆی نەبوونی دەستوور هەرێمی کوردستان تووشی زۆر قەیرانی سیاسی بووەوە لە نێوان پارتە سیاسیەکانی ناوخۆ، ئێستا کە لەسەرووبەندی نووسینەوەی دەستوورین، پێویستە

دەستوورێک بنووسرێتەوە کە رێگری بکات لە دووبارە بوونەوەی قەیران و کێشەی سیاسی لە هەرێمەکەمان. ئامانجی توێژەر لەو توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە بە روونی دەربخات بۆچی هەرێمی کوردستان پێویستی بە سیستەمی پاشایەتی دەستووری هەیە لەم کاتەدا، بۆچی ناکرێت شێوازەکانی تری سیستەمی سیاسی حکومرانی هەڵبژێرین بۆ هەرێمەکەمان. لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کە ئێمەش بەشێکین لەو ناوچەیە، وڵاتانی خاوەن سیستەمی پاشایەتی دەستووری سەقامگیری و ئارامی زیاتریان بەخۆیانەوە بینیوە بە بەراورد بە وڵاتانی تری ناوچەکە.

## کێشەی توێژینەوە

هەموو سیستەمێکی حوکمرانی پێویستی بە دەستوورێک هەیە کە ببێتە رێنیشاندەری کاروبار و بەرنامەی حکومەت. لە نەبوونی دەستوورێکی هاوچەرخ، هەرێمی کوردستان، تووشی چەقبەستووی یاسایی و سیاسی بۆتەوە مەبەستمان لە چەقبەستوویی یاسایی لەوەیە کە لە کاتی دەرکردنی یاسا لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە (پەرلەمان) پێویستە ئاماژە بە دەستوور بکا. واتا (لەسەر بنەمای دەستوور ئەم یاسایە دەرچوێنرا نەک لەسەر بنەمای پەیرەوەی ناوخۆیی پەرلەمان. بەڵام بەهۆی نەبوونی دەستوور لە هەرێمی کوردستان، یاسا لەسەر بنەمای پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەردەچوێنرێت. لە دیدگای نێودەوڵەتیشدا، هەرێمێکی خاوەن دەستووری، بە بەهێزتر دەبینرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، وەک هەرێمکی بێ دەستوور. هەرێمی کوردستان کە خاوەن چەندین نەتەوە و ئایینە، دەستووری پاشایەتی دەتوانێت ببێتە زامنێکی گرنگ بۆ دەستەبەرکردنی مافە سەرەتایەکانی خەڵک.

## پرسیاری توێژینەوە

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەی ئەوەیە کە ئایا سیستەمی پاشایەتی دەستووری دەتوانرێت لە هەرێمی کوردستان بچەسپێنرێت؟ هەروەها چەندین پرسیاری لاوەکیش دروستدەبن وەک ئایا پاشایەتی بە مانای دیکتاتۆری دێت؟ ئایا جیاوازی چیە لە نێوان پاشایەتی دەستووری، پاشایەتی رەها و دیکتاتۆری؟ ئایا ئەگەر سیستەمی پاشایەتی دەستوور بچەسپێنین لە هەرێمی کوردستاندا بەمانای کۆتایی هاتنی دیموکراسی دێت؟ چۆن دەکرێت رێگری لە پاشایەتی دەستوری بکرێت کە هەنگاو نەهاویژێت بۆ پاشایەتی رەها یان دیکتاتۆری؟ بۆ هەندێک وڵاتە بەهێزەکانی جیهان، هێشتا سیستەمی

پاشایەتی دەستووری پەیرەو دەکەن لە وڵاتەکانیان؟ چۆن بتوانین سیستەمی پاشایەتی دەستووری بچەسپێنێن لە هەرێمی کوردستان؟ ئایا چەسپاندنی سیستەمی پاشایەتی دەستووری لە هەرێمی کوردستان، ناکۆکە لەگەڵ سیستەمی سیاسی کۆماری لە عێراقدا؟ ئەمانە چەندین پرسیارن کە هەوڵ دەدەم وەڵامی روونیان بدەمەوە. نووسینی دەستوور بۆ ساڵێک یان بۆ دوو ساڵ نیە، بەڵکو بۆ دەیان ساڵە کە حکومەت کاری لەسەر دەکات و پەیرەوی دەکات، بۆیە نووسینەوە دەستوور پێوسیتی بە ووردبینی زۆر هەیە و دەبێ هەموو لایەنەکان بە ووردی سەیر ئەم بابەتە بکەن. ناکرێت ئێمە دەستوورێک کە لە وڵاتێکی تردا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە ئێمەش لە هەرێمی کوردستان هەمان دەستوور پەیرەو بکەین، چونکە مێژوو و کەلتوور و شێوازی حوکمرانی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. پێویستە سیستەمێک لەناو دەستووردا جێگیر بکرێت کە پێوسیتیەکانی خەڵکی کوردستان تێیدا فەراهەم بکرێت.

## گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوە لەوە دێت کە کاتێک پەرلەمانی کوردستان رەشنووسی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٩/٦/٢٤ پەسەندکرد بەوەی کە هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەن دەستووری تایبەت بە خۆی. وەک ئاشکرایە کە دەستوور وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیە لە نێوان دەوڵەت و هاوڵاتی. ئەمە بۆ یەکەم جارە لە مێژوودا کە هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەن دەستوورێک کە خۆی دەنووسێت، بەو پێیەی کە هەرێمی کوردستان خاوەن فرە نەتەوە و فرە ئایینە سیستەمی پادشایەتی دەستووری بە سیستەمێی گونجاو دادەنرێت بۆ حکومەتەکانی لەم شێوەیە. هەرێمی کوردستان یەکەم وڵات نیە کە ئەو سیستەمە پەیرەو بکات، گرنگە هەرێمی کوردستان سوود لە ئەزموونی وڵاتانی فرە نەتەوەی جیهان وەربگرێت و ئەو سیستەمە پەیرەو بکات لە هەرێمی کوردستاندا.

## گریمانەی توێژینەوە

سیستەمی پاشایی هاوئاهەنگە لەگەڵ مێژوو و کەلتوور و ژینگەی کوردستان. لە مێژووی خۆیدا، کوردستان چەندین پاشا و شاژنی بە خۆیەوە بینیووە وەک فەرمانرەوا.هەرێمی کوردستان بە چەسپاندنی سیستەمی پاشایەتی دەتوانێت خۆی لە چەندین کێشەیی هەنووکەیی و چەقبەستووی رزگاربکات. ئەم توێژینەوەیە پشت بە گریمانەی زانستی دەبەستێت، بەوپێیەی کە ئێمە لە وڵاتەکەمان

خاوەن چەندین چین و توێژ و نەژادی جیاین و هەبوونی پاشایەک کە خاوەن دەسەڵاتی دەستووری بێت وەک وڵاتانی تری خاوەن نەژادی جۆراوجۆر پێویستە. ئێمە لە حکومەتی عێراقدا بەشدارین و دەستووری عێراق پەرلەمانی کۆمارییە، بەڵام لەسەرەتای نووسینەوەی ئەم دەستوورە تاکو ئێستا کێشەکانی ئەو وڵاتە بەرەو چارەسەر نەچووە و زۆرتر بوونەتەوە، بەڵام ئەگەر سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە پاشایەتی دەستووری بووایە لەوانەیە بارودۆخی عێراق بە شێوەیێکی تر بووایە. بە پێێ ئەو گریمانەی ئەو توێژینەوەیە سیستەمی پاشایەتی دەستووری باشترین جۆری سیستەمە بۆ حکومرانی هەرێمی کوردستان.

**میتۆدی توێژینەوە**

میتۆد و شێوازی شیکردنەوەم بەکارهێناوە بۆ رێکخستن و ئامادەکردنی زانیاریەکانی ئەو توێژینەوەیە، کە چۆن چەسپاندنی ئەو سیستمە لە هەرێمی کوردستان رەنگدانەوەیێکی باشی دەبێت بۆ سەر بارودۆخی ناوخۆی کوردستان لە ئێستا و ئایندەدا.

**پلانی توێژینەوە**: چوارچێوەی توێژینەوە پێک دێت لە چوار باس.:

باسی یەکەم: کۆمەڵگەی سیاسی و سیستەمی پاشایەتی

باسی دووەم: گرنگی سیستەمی پاشایەتی بۆ کۆمەڵگەی فرەئیتنیک

باسی سێیەم: رەهەندەکانی پێویستبوونی چەسپاندنی سیستەمی پاشایەتی لە هەرێمی کوردستان (گرنگی چەسپاندنی سیستەمی پادشایەتی دەستووری لە هەرێمی کوردستان)

باسی چوارەم: رەگەزەکانی چەسپاندنی سیستەمی پاشایەتی لە هەرێمی کوردستان

**باسی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی سیستەمی پاشایەتی دەستووری**

وڵاتان لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە شێواز و سیستەمی حوکمرانیان پاشایەتی رەها بووە. مێژوونووسان پێیان وایە کە یەکەمین سیستەمی پاشایەتی لە وڵاتی سۆمەری و میسر دامەزراوە کە دەگەرێتەوە بۆ ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایینی. وڵاتی یۆنان لە سەردەمی برۆنزدا، پاشا فەرمانرەوایی دەکرد. وڵاتی رۆم خاوەن سیستەمی پاشایەتی بوو لە نێوان ساڵانی ٧٠٠-٥٠٠ پێش زایینی .لە هەموو وڵاتان پاشا دەستەڵاتی رەهای هەبووە و خۆی فەرمانرەوایی وڵات بووە. ئەوەی جێی ئاماژە پێدانە کە وڵاتان تەنها خاوەن پاشا نەبووینە، بەڵکو چەندین شاژنیش لە وڵاتە جیاجیاکان فەرمانرەواییان کردووە، بۆ

نموونە لە وڵاتی میسر لە سەردەمێکدا (کیلوپێترا) شاژن بووە و خاوەن دەسەڵات بووە.[1] تا ئێستاش چەندین وڵات خاوەن سیستەمی پاشایەتین بەڵام بە شێوازی جیا، هەندێک وڵات سیستەمی پاشایەتی رەها پیادە دەکەن، هەندێک وڵاتیش سیستەمی پاشایەتی دەستووری پیادە دەکەن کە لەم توێژینەوەیەدا بە پووختی باسی لێدەکرێت کە جیاوازیان چیە، لە راستیدا ناتوانرێت مێژووی مرۆڤایەتی بەبێ تێگەیشتنی پاشایەتی دەرک بکرێت.

کۆمەڵێک لە مێژوونووسان سیستەمی پاشایەتی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی هیتیەکان، کە نەتەوەیێکی دێرینی ئاسیای بچووک و باکووری سووریای ئێستایان لە ژێر دەستدا بووە، لە ساڵی ٣٠٠٠ پێش زایینی. پاشا یان شاژنی فەرمانرەوا لەم وڵاتەدا ناچاربوون کە لەگەڵ ئەنجوومەنێک بە ناوی (پانکو) دەسەڵات پەیرەو بکەن کە وەک پەرلەمانی ئێستایە، ئەندامەکانی ئەو ئەنجوومەنە پێکدەهاتن لە کەسانی خاوەن شکۆ.[2]

لە سەردەمی رۆشەنگەریشدا، دوای ئەوەی فەیلەسوفانی وەک قۆلتێر رەخنەیان لە دەسەڵاتی کلێسا گرت، بەوەی کە قۆرخی دەسەڵاتیان کردووە و خەڵک وەک کۆیلە بۆ خۆیان بەکاردێنن. دواتر، ئەم فەیلەسوفانە بریاریاندا، لە دوای چاکسازی لە کلێسادا دەستبەرن بۆ چاکسازی لە بواری حکومەت و سیاسەت و ئابووریدا. فەیلەسوفانی وەک ڤۆلتێر و هۆبز و رۆسۆ پشتگیریان لە دەسەڵاتی پادشایەتی دەکرد. ئەوان پێیان وابوو کە پاشایەکی بەهێز دەتوانێت خەڵک ملکەچی یاسا بکات. ڤۆلتێر پێی وابوو کە خەڵکی ئاسایی نەزانن لە بواری سیاسەتدا، هەر حکومەتێک لەسەر پایەی دەنگی ئەو خەڵکە بێتە سەرکار ئەوا ناکارامە دەبێت. رۆسۆ بوچوونێکی باشتری هەبوو و پێی وابوو، وڵاتان مێژوو، شارستانیەت و فەرهەنگی جیاوازیان هەیە، بۆیە ئاساییە کە سیستەمی حوکمرانیشیان جیاواز بێت. بە بروای رۆسۆ، هەندێک وڵات باشترە سیستەمی کۆماریان هەبێت، هەندێک وڵاتی تر پاشایەتی، تەنانەت هەندێک وڵات دەکرێت دیکتاتۆریەت بۆیان گونجاو بێت. ئەمەش پەرەسەندنێکی تر بوو لەسەر سیستەمی سیاسی وڵاتانی خۆرئاوا، بەگشتی ئەو مشتومرانە یارمەتیەکی زۆری چەسپاندنی

[1] Susan Blackaby, Cleopatra, Egypt’s last and greatest queen https://www.cp1897.com.hk/bookinfo/pdf/pv/9781402757105pv.pdf

[2] Mark stepien, From the History of State System in Mesopotamia, the kingdom of the third dynasty of Ur https://core.ac.uk/download/pdf/51296089.pdf

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیستەمی پاشایەتی دەستووریان دا، لوە وڵاتانەی کە شارستانیەت، فەرهەنگ و مێژوویان گونجاوە لەگەڵ سیستەمی پاشایەتی دەستووری وەک بەریتانیا.[3]

**باسی دووەم: گرنگی سیستەمی پاشایەتی دەستووری بۆ وڵاتان**

سیستەمی پاشایی دەستووری جۆرێکە لە سیستەمی حوکمرانی کە دەسەڵاتەکانی پاشا یان شاژن بە پێی دەستوور دیاریدەکرێن. زۆر گرنگە ئەوە بزانین کە پاشایەتی دەستووری جیایە لە پاشایەتی رەها هەروەها لە دیکتاتۆریش جیایە. لە پاشایەتی دەستووریدا، دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە پێک دێت لە پاشا وسەرۆک وەزیران و دەستەڵاتی یاسادانانە کە پێک دێت لە پەرلەمان، لێرەدا سەرۆک وەزیران و پەرلەمان زۆرترین دەسەڵاتیان هەیە و سەبارەت بە کاروباری سیاسی و ئابووری وڵات بریار دەدەن. بەم پێیە دەسەڵاتەکانی پاشا دیاریکراون بەپێێ دەستوور و ناتوانێت لە دەرەوەی دەستوور دەسەڵاتەکانی بەکاربهێنێت، بەشێوەیێک پاشا یان شاژن پابەندن بە دەستووری وڵات و وەک سیمبولی نیشتمانی دەردەکەون. بەڵام پاشایی رەها وەک لە ناونیشانەکەی دیارە کە خاوەن دەسەڵاتێکی رەهایە لە کاروباری وڵاتدا، بریارە سیاسی و ئابووریەکانی وڵات پەیوەستن بە بریارەکانی خۆی. پاشایەتی رەها پابەند نیە بە هیچ بریارێکی حکومەت. بەڵام هەرچی پاشایەتی دەستووریە رۆڵی لە وڵاتدا پەیوەست نیە بە هیچ پارتێکی سیاسیەوە وەک شاژنی بەریتانیا کە لەکاتی هەڵبژاردندا دەنگیش نادات هەرچەند مافی دەنگدانی هەیە، بەڵام خۆی وەک کەسایەتیێکی بێلایەن بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا ناکات.

سیاسەتمەدار و مێژوناسی بەریتانی (تۆماس بەبینگتون ماکولی) بەم جۆرە پێناسەی پاشایەتی دەستووری دەکات و دەڵێت ( پاشا سەروەرێکە، بەڵام سەروری ناکات). هەرچی دیکتاتۆریەتە بە دوو رێگا دێتە سەر دەسەڵات، یان بە شێوازی کودەتای سەربازی و شۆرش، یان بە شێوازی رەتکردنەوەی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن و وازنەهێنان لە کورسی دەستەڵات، کە ئەمەش دواجار هەر مل دەهاوێژێت بۆ پاشایەتی رەها وچەوسێنەر. ئەم نیگەرانیانە لە سیستەمی پاشایەتی دەستووریدا نیە، شا یان شاژن بەشێوەییکی ئاشتیانە ئەو پۆستە دەگرنە دەست نەک بە رێگای توندوتیژی، لە سیستەمی پاشایەتی دەستووری، پاشایەتی پۆستێکی سیاسی و حکومی نیە کە بیەوێ دەستکاری لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکەن.[4]

---

[3] John M Dunn, The enlightenment

[4] Macqueen, J. G. "Hattian Mythology and Hittite Monarchy." *Anatolian Studies* 9 (1959): 171-88. Accessed February 22, 2020. doi:10.2307/3642338.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رەخنەگرانی سیستەمی پاشایەتی دەستووری پێیان وایە ناکرێت پاشایەتی ببێتە سیستەمێکی دیموکراسی کاتێک دەسەڵات لە باوکەوە بۆ کور بگوازرێتەوە بەبێ هەڵبژاردن، یان پاشا لە نەتەوەیێک فەرمانرەوایی بکات بەسەر هەموو نەتەوەکانی تر.لە وەڵامی ئەم بۆچوونە پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە پاشا لە سیستەمی پاشایەتی دەستووریدا پەیوەندی بە حکومەتەوە نیە. حکومەت بەهەموو دامەزراوەکانی دەبێ بە هەڵبژاردن بکرێت و خەڵک لەسەر هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی نوێی حکومەت بە ئازادی دەنگ بدەن، بەڵام پاشا پۆستێکی دەرەوەی سیاسەتە و بە هیچ شێوەیێک بەبێ ئەو دەسەڵاتانەی کە دەستوور بۆی داناوە ناتوانێت مامەڵەی سیاسی بکات لە کاروباری وڵاتدا. پاشا رۆڵێکی سیمبولی یەککگرتووی وڵاتی هەیە، دیموکراسی بەتەنیا ناتوانێت خۆی بپارێزت، بەبێ هەبوونی دامەزراوەی تۆکمە، لە وڵاتانەی کە خاوەن سیستەمی پاشایی دەستوورین هەبوونی دیموکراسی و رۆڵی پاشا یان شاژن لەم بارەدا بە روونی هەستی پێکراوە.

بەپێی راپۆرتی ماڵپەری (The Economist Intelligent Unit) کە توێژینەوەیێکی کردووە لەسەر ئەو وڵاتانەی کە دیموکراسی تیایدا لە بەرزترین ئاستدایە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری جیهان. لە کۆی ١٠ وڵاتە یەکەمەکانی ریزبەندەکە، ٧ وڵات خاوەن سیستەمی پاشایەتی دەستوورین، ئەوەش بۆمان دیاردەکات کە دیموکراسی لە سیستەمی پاشایی دەستووریدا بە بەراورد لەگەڵ سیستەمەکانی تری جیهان زیاترە.[5] (ئەرستۆ) پێی وایە کە باشترین جۆری حکومەت ئەوەیە کە لە ئاوێتەی دیموکراسی و پاشایەتی پێک بێت.[6] پاشایەتی بەچەندین شێوازی جیا هەوڵی بەرەوپێشبردنی دیموکراسی دەدات بۆ نموونە، کەسی یەکەمی وڵات دەبێت پاڵپشت و لایەنگری هەموو تاکێکی وڵات بێت بە هەموو چین و توێژ و ئایین و نەژاد، ئەمە لە سیستەمەکانی تری سیاسی بە ئاسانی روونادات، چونکە کاتێک سەرۆک دێتە سەر دەسەڵات، بەپێی بەرنامەی پارتە سیاسیەکەی دێت و ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکات کە پارتەکەی بەرنامەی بۆ داناوە. ئەو کات بەپێی کارنامەی سیاسی سەرۆکی وڵات، هەموو خەڵک بە سەرۆکی خۆیان دانانێن، هەروەک لە وڵاتانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەندین وڵاتی تر روودەدات کاتێک خەڵک دەهاتە سەرشەقام نارەزاییان دەردەبری و دروشمی (دۆناڵد ترەمپ) سەرۆکی من نییە هەڵدەدا، هەروەها لە دوای هەڵبژاردنی (جۆ بایدن)یش، هەمان هەڵوێست دووبارە بوویەوە و ملیۆنان خەڵک، ئەویان بە سەرۆکی خۆیان دانانێن. بەڵام هەرگیز خەڵک لە بەریتانیا و وڵاتانی تری

[5] https://www.eiu.com/n/campaigns/democracy-index-2020/
[6] *Aristotle. Aristotle's Politics. Oxford :Clarendon Press, 1905.*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاوەن سیستەمی پاشایەتی دەستووری نایێنە سەرشەقام و بڵێن شاژن، یان پاشای وڵات، شاژن و پاشای من نییە، ئەمەش چونکە لەم سیستەمەدا، پاشا، شاژن بەهۆی سیستەمی پاشایی دەستووری لەو وڵاتەدا لایەنگری سیاسی ناکەن و بێلایەن. لە سیستەمی پاشایەتی دەستووریدا حکومەت لەلایەن پەرلەمانەوە بەرێوەدەبرێت، پەرلەمانیش لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت لێرەدا دیموکراسی پەرلەمانی بەدیدەهێت. لە زۆر وڵاتانی جیهان سەرۆکی وڵات هەڵدەبژێردرێت وەک سیمبولی یەکگرتووی وڵات بەڵام ناتوانێت ئەو رۆڵەی پادشا دەیگێرێت ئەویش بگێرێت چونکە، سەرۆک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا هەڵدەبژێردرێت، هەڵبژاردنیش پرۆسەیێکی سیاسییە بەمەش سەرۆکی وڵات کەسێکی سیاسی دەبێت و هەرچۆنێک بێت لایەنگری سیاسی خۆی دەبێت، بەڵام پاشا یان شاژن کەسێکی بێلایەنە.[7]

گرنگی سیستەمی پاشایی لە بەریتانیا و سوید و هەموو وڵاتانی خاوەن ئەو سیستەمە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، لە بەریتانیا چەندین سەرۆک وەزیرانی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەریتانیا باسیان لە گرنگی پێگەیی شاژن کردووە، (تۆنی بلێر) سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا ئاماژە بەوە دەکات کە چەندین جار ئێمە تووشی کێشە بووینە بۆ کاروباری وڵات، پرسمان بە شاژن کردووە و ڕێگەی دروستی پێشانداوین. شاژن وەک گرنگترین و باشترین راوێژکار لە وڵاتدایە کە هەرکاتێک سەرۆک وەزیران و هەر کەسێکی تری فەرمی وڵات پێویستی پێنێت ئەو ئامادەیە.[8]

وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە بەهاری عەرەبی تیایاندا سەریهەڵدا، هەموویان وڵاتی کۆماری بوون، هەڵەیە ئەگەر ئێمە وا بیربکەینەوە کە ئە وڵاتانە خاوەن سیستەمی پاشایەتی دەستووری بوون. چەندین وڵاتی خاوەن سیستەمی پاشایی دەستووری لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەن کە سەقامگیری سیاسی و ئابووری تیایاندا فەراهەمە. رەخنەگرانی سیستەمی پاشایی دەستووری پرسیار لەوە دەکەن کە ئایا دڵنیای هەیە بۆ ئەوەی پاشای دەستووری پەل نەهاوێژێت بۆ پاشایی رەها؟ وەڵامەکە لەوەدا دێت کە لە سەرەتای رەگ و ریشەی سیستەمی سیاسیدا هەموو وڵاتێک

---

[7] Elliot Bulmer, constitutional monarchs in parlimentray democracies, International IDEA Institute for democracy and electoral assistance.
https://www.idea.int/sites/default/files/publications/constitutional-monarchs-in-parliamentary-democracies-primer.pdf

[8] Blair: monarchy is a better system, the guardian,
https://www.theguardian.com/politics/2002/may/23/constitution.uk

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاشایەتی ڕەهای هەبووە، بەڵام گۆردراون بۆ پاشایەتی دەستووری، بە مانایەکی تر، پاشایەتی ڕەها دەکرێتە پاشایەتی دەستووری بەڵام لە سیستەمەکانی تر ئەو مەترسیە هەیە کە سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی وڵات ببنە خاوەن دەسەڵاتی ڕەها لە وڵاتدا، ئەم مەترسیە لە مێژوودا ڕوویداوە و ئێستاش لە زۆر وڵاتانی جیهانی سێیەم ئەو ترسە هەیە.

وڵاتێکی وەکو بەریتانیا لەسەرەتادا وڵاتێکی خاوەن سیستەمی پاشایی ڕەها بوو، لە دوای ئەوەی کە (چارڵزی یەکەم) بە پێی بڕیاری پەرلەمان لەسەر کاری لادرا و (ئۆلیڤەر کامبڵ) هات، سیستەمی وڵات گۆردرا بووە کۆماری، ئاژاوە و کوشتن و ناسەقامگیری ڕووی لە وڵات کرد و دواتر هەر هەمان پەرلەمان و سیاسەتمەدارانی بەریتانیا خۆیان داوایان لە (چارلزی دووەم) کرد کە بگەڕێتەوە و سیستەمی سیاسی وڵات کرایەوە بە پاشایەتی دەستووری و لە دوای ئەوە ئیتر ناسەقامگیریش کۆتایی پێهات.[9]

پێویستە سەیری ئەو وڵاتانەی ئەوروپا بکەین و بزانین بۆ هەندێک وڵات سەرەرای ئەوەی کە دیموکراسین بەڵام هەندێکیان پاشایین و هەندێکیان کۆمارین، وڵاتانی دراوسێ وەک، ئیسپانیا کە پاشایەتیە و پورتوگال کۆماریە، بەلجیکا پاشایەتییە, فەرەنسا کۆماریە، بەریتانیا پاشایەتیە و ئیرلەندا کۆماریە. ئەو وڵاتانەی کە سیستەمی پاشایەتی دەستووریان هەڵبژاردووە پێک دێن لە چەندین نەژاد و دین و نەتەوەی جیا بە جۆرێک کە وڵاتە خاوەن سیستەمی پاشایەتی دەستووری پێویستی بە کەسێکە وەک چەترێک بۆ هەموو تاکێکی وڵات دوور لە لایەنگری سیاسەت، لایەنگری هەموو خەڵکی وڵات بکات بە یەکسانی دوور لە دەمارگیری نەتەوایەتی و نەژادی و ڕەگ و ریشەی خەڵک.

پاشا هیچ نەتەوەیێک بەسەر ئەوی تردا زاڵ ناکات لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا. لە سیستەمی پاشایەتیدا، پاشا یان شاژن باشتر ئامادەدەکرێن بۆ ئەو پۆستە گرنگە، لە سیستەمەکانی تری سیاسی، هەموو چوار ساڵ جارێک کەسێک دێت وەک سەرۆکی وڵات دیاریدەکرێت، ئەمەش پارتە سیاسیەکان هەڵیدەبژێرن نەک خەڵک بە شێوەی ڕاستەوخۆ، ئەمەش ڕاست نیە کە ئەگەر سەرۆکی وڵات لایەنگری خەڵکی لەگەڵ نەبوو ئەوا دەگۆردرێت، لێرە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە کە ئەگەر ئەو خەڵکەی دژی سەرۆکی وڵات بوون بەڵام کەمینە بوون لە وڵاتدا، ئایا دەتوانن سەرۆکی وڵات لەسەر کارلادەن؟ بێگومان نەخێر. پاشا تاکێکە کە پاشای هەموو خەڵکێکە بەبێ جیاوازی، ئەگەر پاشا وەک یەک سەیری هەموو تاکێکی وڵاتەکەی نەکرد ئەوە پاشای دەستووری نیە. وڵاتێک کە خاوەن پادشایەتی دەستووریە زۆرترین ڕێز لە

[9] Constitutional History of England since 1603 A.D.
https://www.msuniv.ac.in/Download/Pdf/71f6e5220a86468

یاسا دەگرێت، چونکە کەسی یەکەمی وڵات ملکەچی یاسا دەکات بە جۆرێک کە ژیانی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی خۆی بە یاساوە گرێدراوە، کاتێك کەسی یەکەمی وڵات ملکەچی یاسا بوو بە درێژایی تەمەنی خۆیەوە، هەموو تاکێک ئەو وڵاتەش هەمان ڕێزگرتنیان بۆ یاسا دەبێت.[10]

**باسی سێیەم: گرنگی چەسپاندنی سیستەمی پادشایەتی دەستووری لە هەرێمی کوردستان**

کورد وەک نەتەوە چەندین جار هەوڵیداوە کە وڵاتی سەربەخۆی هەبێت و لەژێر دەستەڵاتی وڵاتانی دراوسێدا بێتە دەر، وەک وەڵاتێکی سەربەخۆی مامەڵە بکات. لە دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم، لە پەیماننامەی (سیڤەر) بریاردرا کە وڵاتی کوردستان دابمەزرێت بەڵام لە پایماننامەی (لۆزان)[11] ئەو خەونەش لەباربرا، لە ڕێکەوتننامەی (سایکس-پیکۆت) خاکی کوردستان دابەشکرا سەر چوار وڵاتی (تورکیا، ئێران، سوریا، عێراق). خەڵکی کوردستان چەندین ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە تووشی نەهامەتی وناخۆشی بۆتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٣ لە دوای ئازادکردنی عێراق و هێرشی ئەمریکا، کوردی باشووری کوردستان وەک نەتەوەیێک سەیر کرا و چەندین مافی گرنگی کورد لەو بەشەی کوردستان لەناو دەستووردا جێگیرکران. لە دەستووری عێراقدا سیستەمی سیاسی کۆمارییە و زمانی کوردیش زمانێکی رەسمی ئە وڵاتەیە لەتەک زمانی عەرەبی.[12]

هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدرالیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیدا، خاوەن دامەزراوە فەرمیەکانی پەیوەست بە خۆیەتی وەک دەستەڵاتی یاسادانان، دەستەڵاتی دادوەری، دەستەڵاتی جێبەجێکردن کە ئەمەیان پێک دێت لە سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم. بەپێی ماددەی (١١٧) برگەی یەکەم لە دەستووری عێراق، حکومەتی عێراقی فیدرال دان بە قەوارەی هەرێمی کوردستان دەنێت هەروەک لە ماددەکەدا هاتووە ( ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستادا دەنێت وەک هەرێمێکی فیدراڵ). ئێستا هەرێمی کوردستان خاوەن دەستوری تایبەت بە خۆی نییە، کە بە پێی دەستووری عێراقی فیدرال دەبێ هەرێم خاوەن دەستووری تایبەت بەخۆی بێت، وەک لە ماددەی ١٢٠ دا هاتووە (هەرێم دەستورێک بۆ خۆی دادەرێژێت،

---

[10] Bogdanor, V. (1991). European Constitutional Monarchs. In: Butler, D., Low, D.A. (eds) Sovereigns and Surrogates. Cambridge Commonwealth Series. Palgrave Macmillan, London. https://doi.org/10.1007/978-1-349-11565-5_10
[11] The Lausanne treaty. (1926). *Editorial research reports 1926* (Vol. II). http://library.cqpress.com/cqresearcher/cqresrre1926060100
[12] Iraqi Constitution, Article 4, https://parezar.org/uploads/pdf/parezar-1642921514.pdf

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرەمی دەستەڵاتەکانی هەرێم و میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو دەستەڵاتانە دیاریدەکات بەمەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەو دەستوورەدا)[13]. هەموو لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان پێیان وایە کە سیستەمی پەرلەمانی باشترین سیستەمە بۆ هەرێمی کوردستان بەوەی کە پەرلەمان سەنتەری بریاردان بێت و نوێنەری هەموو چین و توێژێکی وڵات دەبێت. سیستەمەکانی پاشایی دەستووری زۆربەیان پێک دێن لە سیستەمی پەرلەمانی پاشایی دەستووری وەک لە بەریتانیا و سوید و چەندین وڵاتی تر، ئەزموونی سیستەمە سیاسەکان پێمان دەڵێت کە هەڵبژاردنی سیستەمی پادشای دەستووری باشترین سیستەمە کە لەگەل سروشتی سیاسی کوردستان بگونجێت.

جێبەجێکردنی سیستەمی پادشایەتی دەستووری لە هەرێمی کوردستان گرنگێکی زۆری هەیە، بەوەی کە هەرێمی کوردستان خاوەن چەندین نەتەوەی جیایە وەک کورد، عەرەب، تورکمان، ئاشووری، کلدانی، ئێزدی ...هتد پێویستە پاشایێک هەبێت کە ببێتە مولْکی هەموو تاکێکی کوردستان. لە سەرەتای راپەرینی ١٩٩١ کاتێک کە هەرێمی کوردستان ئازاد کرا لە دەست رژێمی بەعس، دەکرا سیستەمی هەرێم بکرێتە پاشایی بەڵام نەکرا. لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا سیستەمی سیاسی پاشایەتی دەستووری سەرکەوتنی بەدەستهێناوە بەبەراورد لەگەڵ سیستەمەکانی تری سیاسی، دەبینین کە سیستەمی کۆماری زیاتر مەیلی بوونی بە دیکتاتۆری هەیە لەوەی پاشایەتی دەستووری، چونکە لە سیستەمی کۆماریدا، دەنگدان لەسەر کەسی یەکەمی وڵات دەکرێت و ئەگەر زۆرینەی لەگەڵدا بێت ئیتر دەتوانێت بە رێگای دیموکراسی هەموو کات مەرامە سیاسەکانی بەجێبهێنێت وسیستەمی سیاسی وڵات بگۆردرێت. [14]

ئێستا کە دەستوور نیە لە کوردستاندا، ململانێی سیاسی هەندێک جار بە شێوەی مەترسیدار گەشە دەکەن، چەندین جار هێزە سیاسیەکان ململانێی توند دەکەن، ئەمەش چونکە ئێمە چوارچێوەیێکی سیاسی و یاساییمان نییە کە لەنێو ئەو چوارچێوەیە ململانێیە سیاسیەکانمان چارەسەر بکەین، مەبەست لە چوارچێوەی سیاسی و یاسایی بریتیە لە دەستووری وڵات کە رێگە دەگرێت لە قووڵبوونەوەی کێشەکان. بەڵام ئەگەر سیستەمی پاشایەتی دەستووریمان جێبەجێکرد لە

[13] the final draft of the Iraqi constitution: Analysis and commentary, Nathan J. Brown, Carnegie Endowment for international Peace https://carnegieendowment.org/files/FinalDraftSept16.pdf

[14] Bank, A., Richter, T., & Sunik, A. (2015). Long-term monarchical survival in the Middle East: a configurational comparison, 1945-2012. *Democratization*, *22*(1), 179-200. https://doi.org/10.1080/13510347.2013.845555

هەرێمەکەمان ئەوا پاشا وەک رۆلی پارێزەری تەبایی و یەکسانی تاکەکانی وڵات دەتوانێت پارێزگاری لەو دەستووره بکات هەروەها شاژنی پێشوو و پاشای ئێستای بەریتانیا، سوید و وڵاتانی تر پارێزگاری دەکەن. بە جۆرێک کە هەمیشە خۆیان بە دووردەگردن لە کێشە سیاسیەکانی ناوخۆ. و لایەنە سیاسیەکانش لەو چوارچێوەیە کیشەکانیان چارەسەر بکەن.

لە ئێستادا گفتوگۆیەک هەیە لە نێو سیاسەتمەداران و یاسادانەرانی جیهان بەوەی کە رۆڵێ پەرلەمان وەک خۆی نەماوە و گرنگی پێگەی پەرلەمان لاواز بووە، ئێمە دەزانین کە پەرلەمان وەک سێبەری سەر حکومەت سێ ئەرکی سەرەکی هەیە یەکەم، چاودێریکردنی حکومەت، دووەم، دەرکردنی یاسا، سێیەم، گۆرینی یاسا. ئەگەر پەرلەمان وەک دامەزراوەیێکی گرنگی وڵات پاشەکشە بکات و لاواز دەربکەوێت چۆن فرەلایەنی (پلوراليسم) دەپاریزرێت لە وڵاتدا؟ ئایا کێ دەتوانێت رێگری لە لاوازی پەرلەمان بکات؟ بێگومان پەرلەمان زیاتر لەو وڵاتانەدا پاشەکشە دەکات کە سیستەمی سیاسیان پادشایەتی دەستووری نیە.

لە وڵاتێکی وەک نەرویج، سوید، بەریتانیا، ئوستراليا و هەموو ئەوانەی کە سیستەمی پاشاییان هەیە، پەرلەمان پێگەی گرنگی خۆی لەدەستنەداوە، لە دواترینیشیان پەرلەمانی بەریتانیا بوو کە تا پەرلەمان بریاری نەدا بۆ چوونە دەرەوە لە یەکیتی ئەوروپا، بەریتانیا نەیتوانی بەبێ ویستی پەرلەمان ئەو کارە بکات. لێرەدا بۆمان بەدیار دەکەوێت کە پەرلەمان و دیموکراسی دوو رووی دراوێکن و پێویستی بە پاریزراوێکە کە بپارێزرێت ئەمەش لە وڵاتانی خاوەن سیستەمی سیاسی پاشایی بە ئاسانی بەرچاو دەکەوێت.[15]

بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، پێگەی پەرلەمان لاواز بووە چونکە پەرلەمان خۆی دامەزراوییێکە کە بەکاردەهێنرێت بۆ مەرامی پارتێک یان چەند پارتێکی سیاسی، ئەمەش بەرژەوەندی خەڵک لە پێشچاو ناگرن و کار بۆ کارنامەی پارتەکانی خۆیان دەکەن. هەندێک وڵات کە سیستەمی پەرلەمانی دیموکراسی کۆماریان هەڵبژاردووە، خۆیان هەرەشەن بۆ دیموکراسی چونکە پەرلەمان ئەگەرچی بە یاسا گەورەترین دامەزراوەیە، بەڵام بەهۆی هەژموونی سەرۆکی وڵات یان هێزی چەکدار، پەرلەمان ملکەچی بریارەکانی حکومەتی دەبێت. گرنگی هەبوونی پاشا لە وڵاتدا لەم کاتەدا هەستی پێدەکرێت

[15] Brexit and the power of parliament, Dahrendorf Forum Proceedings, https://www.dahrendorf-forum.eu/wp-content/uploads/2018/08/Power-of-Parliament.pdf

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە ڕێگری دەکات لە باڵآ دەستی یەکێک لە دامەزراوەکان بەسەر ئەوی تریان، بە مانایێکی تر، هەبوونی پاشا لە وڵاتدا باڵانس دەخاتە نێوان هەرسێ دەستەڵاتەکەدا.

ئەوەی تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێت بەش زۆری بەهۆی نەبوونی دەستوورەوەیە، ئێمە لە ساڵانی رابردوو بینیمان کە بێ دەستووری چەندین کێشەی سیاسی گەورە روویاندا، هەندێک لایەن پێیان وابوو کە دەبێت سیستەم پەرلەمانی کۆماری بێت، هەندێک لایەنیش پییان وابوو کە دەبێت سیستەم سەرۆکایەتی کۆماری بێت. ئەوەی ئێستا لە عێراق دەبینرێت بریتیە لەو سیستەمی پەرلەمانی کۆماری دیموکراسی، کە پەرلەمان باڵا دەستە لە عێراقدا و توانای متمانە لێسەندنەوەی هیچ وەزیرێکی نیە مەگەر بەهۆی کێشەی سیاسی نەبێت، وەزیرانی کورد و سوونە لە حکومەتی عێراق متمان لێدەسێنرێنەوە بەڵام وەزیرەکان شیعە هەرگیز، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ باڵا دەستبوونی پارتە سیاسیەکانی شیعی لە پەرلەمان و گۆرەپانی سیاسی لە عێراقدا.

ئێمە کە لە کوردستاندا بە روونی ئەو ناسەقامگیریە سیاسی و ئابووریە دەبینین لە عێراقدا کە سیستەمی پەرلەمانی کۆماری ناسازگارە لەگەڵ تاکی عێراقی، چونکە ئەوەندە تاکی عێراق بە کوردستانیشەوە، وتەی سەرکردەی سیاسی یان ئایینی پێی گرنگە، ئەوەندە حکومەتی پێ گرنگ نیە. دەبینین لە عێراق، خەڵک لەبەر قسەی (موقتەدا سەدر) هێرش دەکەسە سەر پەرلەمان، حکومەت و دادگاکانی عێراق، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە یاسا وەک سەرکردە ناتوانێت تاکی عێراقی و کقردی کۆنترۆڵ و ملکەچ بکات. لە سیستەمی کۆماری، سەرۆکی وڵاتی. بەشێکە لە پرۆسەی سیاسی وڵات. بە مانایەتی کرد، بە دەنگی لایەنەکی سیاسی دێتەسەر دەسەڵات و هەمیشە لایەنگری پارتەکەی خۆی دەکات، بەڵام لە سیستەمی پاشایەتی دەستووری ئەمە وا نیە و کەسی یەکەمی وڵات (پاشا یاخود شاژن) کەسێی سەرروی سیاسیە. پرسیارەکە بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە، بۆ دەبێ هەمان سیستەم و هەمان هەڵە ئێمە لە هەرێمی کوردستان دووبارە بکەینەوە؟ ئێمە دەبینین کە ئێستا لە عێراقدا پەرلەمان و دەستوور بەکاردەهێنرێن لەلایەن پارتەکانی سیاسی زۆرینە لە پەرلەمان بۆ مەرامی سیاسی خۆیان،زۆر کاتیش کار بە دەستوور ناکەن ئەگەر بە پێچەوانەی خواستەکانی ئەوان بێت، وەک جێبەجێنەکردنی ماددەی (١٤٠) تایبەت بە ناوچە کێشە لەسەرەکان. بەڵام لە سیستەمی پاشایەتیدا کاتێک دەبینین لە بەریتانیا کە لە پەرلەمان دەنگ دەدرێت لەسەر دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا ئەوا پێوسیتیان بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانە، بە مانایێکی تر، کیشەکانی پارتە سیاسیەکان لە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیستەمی پاشایەتیدا دەگەرێتەوە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان و لەوێ بریار لەسەر پرسە سیاسی و گرنگەکانی وڵات دەدرێت.[16]

پاشایەتی رێگری دەکات لە کودەتای سەربازی کە لە سیستەمەکانی تری سیاسی ئەوە بە ئاسانی روودەدات، هەروەها رێگری دەکات لە رەتکردنەوەی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن کە زۆر کات سەرکردە سیاسیەکانی وڵات قبوڵناکەن و کورسی دەسەڵات رادەست ناکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە پاشایەتی هەوڵی بەرەوپێشبردنی دیموکراسی دەدات نەک لە دژی بێت. پاشا چاودێرە بۆ وڵات و راوێژکارە بۆ کاربەدەستانی وڵات.

سەبارەت بە دەستووری عێراق کە جەخت دەکاتە سەر ماددەی ١٢٠ سەبارەت بە دەستووری هەرێمەکان، سیستەمی پاشایەتی دەستووری بە هیچ جۆرێک ناکۆک نیە لەگەل دەستووری عێراق، چونکە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فەرمانرەواییە نەک کارگێری ئەمەش بەدیدەکرێت لە هەبوونی دەسەڵاتەی دادوەری و جێبەجێکردن و یاسادانان و هەبوونی هێزی پێشمەرگە و چەندین فاکلتەری تر. بەهۆی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فەرمانرەوایە، کەواتە دەتوانێت سیستەمێکی تایبەت بە خۆی دابنێت، چونکە دەستووری عێراق هیچ چوارچێوەیێکی بۆ جۆری سیستەمی حوکمرانی لە هەرێمەکان دانەناوە، ئەمەش چونکە لە سیستەمی فیدراڵیدا ئەو دەسەڵاتە دەچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی هەرێمەکان. لە دەستووری عێراقیشدا لە ماددەی (١٢٠) ئاماژە دراوە کە هەرێمەکان دەستورێک تایبەت بە خۆیان دابنێن، ئەمەش مانای وایە کە کە دەستوور دەبێت لەگەڵ کۆمەڵگا و سیاسەتی هەرێم کۆک بێت. نەکە تەنها سیستەمی پاشایەتی دەستووری، بەڵکو سیستەمی سەرۆکایەتی، نیمچە سەرۆکایەتیش دژی دەستووری عێراق نیە.

ئەمە بۆ بابەتەکانی تریش هەر بەو شێوەیەیە، بۆ نموونە ناکرێ لەبەر ئەوەی جێکردنەوە و تەبەننیی ئایین لە دەستووری عێراقدا هاتووە، دەبێ هەرێمیش بە هەمان شێوە بێت. ئەمە دەکەوێتە سەر واقعی کۆمەڵگەکە. بۆ نموونە چی دەبوو ئەگەر دانیشتووانی هەرێمی کوردستان مەسیحی یان ئێزیدی یان هەر ئایینزایەکی تر بوونایە، ئایا دەبووایە هەرێمی کوردستان رێک وەک دەستووری عێراق بووایە؟ بێگومان نەخێر.

[16] The constitutional Case for Kurdistan's Independence,
https://www.institutkurde.org/images/mediapdf/87KFRJGMPD.pdf?fbclid=IwAR2bqM9hKjtVRYhZuB55q43m5WjuNDwUb68lmkPrKA7Qk2QFHn-7q5JVFgs

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**باسی چوارەم: ڕەگەزەکانی چەسپاندنی سیستەمی پاشایەتی لە هەرێمی کوردستان**

لە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وڵاتانی زلهێز گفتوگۆیان کرد سەبارەت بە دامەزراندنی چەندین شانشین لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و چەندین وڵاتی تریش لە کیشوەری ئەوروپا، رێکەووتننامەی (سایکیس – پیکۆت) چەندین شانشینی دامەزراند بە پێی ئەو گفتووگۆیانەی کە لە نێوان زلهێزان و میرنشینانی ناوچەکە کران بە رێککەوتن ئەو وڵاتانەی ئێستایان دامەزراند.[17] دەتوانین سوود لەو ئەزموونە وەربگرین سەبارەت بە گفتووگۆ لەگەڵ زلهێزەکانی جیهان، بەڵام بە شێوەیێکی گشتی بۆ چەسپاندنی سیستەمی پاشایەتی دەستووری لە هەرێمی کوردستان پیویستیمان بە سێ هەنگاو هەیە:

**یەکەم**: سازانی نێوان پارتە سیاسیەکانی ناو هەرێمی کوردستان، ئەم سیستەمە پەیوەستە بە هەموو تاکێکی کوردستان و بە هەموو پارتەکانی سیاسی، بۆ چەسپاندنی ئەو سیستەمە پیویستە کە لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ یەکتر کۆببنەوە و گفتوگۆی فەرمی بکرێت لە نێوانیان، چونکە پرسێکی وا نیشتمانی و نەتەوایەتی پیویستی بە گفتوگۆ و سازان هەیە و پێویستە پەرلەمانیش بە پوختی راووسەرنجی خۆیی لەسەر دەرببرێت.

**دووەم**: دەستوور چەند گرنگە بۆ حکومەت و بەرێوەبردنی وڵات ئەوەندەش گرنگە بۆ خەڵکی وڵات، دەستوور وەک گرێبەستێک لە نێوان دەوڵەت و خەڵک، پێویستی بە متمانەی خەڵک هەیە، بەو مانایە کە خەڵکی کوردستان لە ریفراندۆمێکدا دەنگ لەسەر ئەو دەستوورە دەدەن کە ئەو سیستەمە تێیدا جێگیر کراوە، بە رازی بوونی خەڵک و دانگدانیان لە پێناو سیستەمی سیاسی پادشایەتی دەستووری، ئیتر دەبێتە دەستووری وڵات ئەگەر خەڵک پێی رازی نەبوو ئەوا دەستوور جێگیر ناکرێت. ئەم هەنگاوە گرنگترین هەنگاوە.

**سێیەم**: بێگومان ئەو پاشایەی کە هەرێمی کوردستان دەستنیشانی دەکات پیویستی بە ناساندن هەیە لەلایەن وڵاتانی دراوسێی و جیهانیش لە دوای ئەوەی کە لە ناوخۆ و لە دەستووری وڵات جێگیرکرا، چونکە پیویستە وڵاتانی جیهانیش مامەڵەی لەگەڵدا بکەن وەک پاشای وڵات. بێگومان کاتێک لایەنی ناوخۆ یەک دەنگ بن و سازان لە نیوانیان هەبێت، لایەنی دەرەکیش قبوڵی دەکات، بەڵام ناساندنی پاشا

[17] Biger G., 2016, Is the Sykes – Picot Agreement of 1916 was the basis for the political division of the Middle East?, *Journal of Geography, Politics and Society*, 6(3), 50–58.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلایەن وڵاتانی خاوەن هەژموون لە جیهاندا بە پلەی یەکەم و وڵاتانی هەژموونی ناوچەکە بە پلەی دووەم رۆڵی گرنگی خۆی هەیە.[18]

## دەرئەنجام

بە پێی دواین توێژینەوەکان کە لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەمان پێدا، کە لەسەر دیموکراسی و مافی مرۆڤ و خوشگوزەرانی خەڵک دەکرێن، باشترین جۆری سیستەمی حکومرانی بریتیە لە سیتەمی پاشایەتی دەستووری کە تیایدا حکومەت و پەرلەمان بەوپەری توانایانەوە کارەکانی وڵات بەرێوە دەبەن، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بە گەورەیی بمێنێتەوە و پاشەکشە نەکات لە پرۆسەی سیاسی و یاسایدا، پێویستە دەستورێکی پتەو هەبێت، لە ئێستادا باشترین سیستەمی دەستووری بەرێوەبردنی وڵات بریتیە لە سیستەمی پاشایەتی دەستووری، لە رۆژهەڵاتی ناوەراست چەندین وڵات هەن کە خاوەن سیستەمی پاشایەتی دەستوورین و وڵاتانی تری ناوچەکەش خاوەن سیستەمی کۆمارین، لەم ساڵانەدا بەدیارکەوتوون کە سیستەمی سیاسی پاشایەتی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە نەک کۆماری. بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە کە بزانین، لە مێژووی سەد ساڵی رابردووماندا کە ئێمە زیاتر هەردوو سیستەمی کۆماری و پاشایەتیمان هەبووە، گەلی کورد نەیتوانیوە خۆشگوزەرانی بەدەستبهێنێت لە ژێر سیستەمی کۆماریدا. مەبەست لێرە ئەوە نیە کە سیستەمی کۆماری سیستەمێکی خراپە، نەخێر، بەڵام بۆ ئێمەی کورد و رۆژهەڵاتی ناوەراست سیستەمی پادشایەتی زۆر باشتر و سەقامگیرترە.

لە وڵاتانی جیهانی سێیەم کە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەدەر نینە لەو وڵاتانە، هەمیشە دوو مەترسیان هەبووە، یەکەم کودەتای سەربازی، دووەم، ئامادەنەکردنی جێگرەوە بۆ فەرمانرەواییی کردن. لە چوار وڵاتدا کە نەتەوەی کورد تێیدا دابەشبووە (عێرق، سوریا، ئێران، تورکیا) کە هەر چواریان سیستەمی کۆماریان هەبووە نەمانتوانیوە بە مافە سەرەتایەکانی خۆمان بگەین و هەمیشە لەژێر هەرەشەدا بووینە، بۆیە پێویست ناکات ئێمە دیسان هەمان دەستوور بۆ خۆمان بچەسپینین، لە کاتێکدا دەبینین کە ئێمەی کەمینە لەو وڵاتانەدا چەندین ناخۆشیمان بینیوە، لە کوردستانیش ئێمە کەمینەمان هەیە، بۆ ئەوەی کە هەموو تاک و نەتەوەیێک وەک یەک سەیر بکرێن پێویستیمان بە سیستەمی پاشایەتی دەستووریە بەو پێیەی کە پاشا موڵکی هەموو تاکێکی کوردستان دەبێت.

[18] Alfred Stepan, Juan J. Linz, Juli F. Minoves, Democratic parliamentary monarchies
https://journalofdemocracy.org/wp-content/uploads/2014/03/Stepan-25-2.pdf

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

1/ Susan Blackaby, Cleopatra, Egypt's last and greatest queen https://www.cp1897.com.hk/bookinfo/pdf/pv/9781402757105pv.pdf
2/ Mark stepien, From the History of State System in Mesopotamia, the kingdom of the third dynasty of Ur https://core.ac.uk/download/pdf/51296089.pdf
3/ Macqueen, J. G. "Hattian Mythology and Hittite Monarchy." *Anatolian Studies* 9 (1959): 171-88. Accessed February 22, 2020. doi:10.2307/3642338.
4/ https://www.eiu.com/n/campaigns/democracy-index-2020/
*5/ Aristotle. Aristotle's Politics. Oxford :Clarendon Press, 1905.*
6/ Elliot Bulmer, constitutional monarchs in parlimentray democracies, International IDEA Institute for democracy and electoral assistance. https://www.idea.int/sites/default/files/publications/constitutional-monarchs-in-parliamentary-democracies-primer.pdf
7/ Blair: monarchy is a better system, the guardian, https://www.theguardian.com/politics/2002/may/23/constitution.uk
8/ Constitutional History of England since 1603 A.D. https://www.msuniv.ac.in/Download/Pdf/71f6e5220a86468
9/ Bogdanor, V. (1991). European Constitutional Monarchs. In: Butler, D., Low, D.A. (eds) Sovereigns and Surrogates. Cambridge Commonwealth Series. Palgrave Macmillan, London. https://doi.org/10.1007/978-1-349-11565-5_10
10/ The Lausanne treaty. (1926). *Editorial research reports 1926* (Vol. II). http://library.cqpress.com/cqresearcher/cqresrre1926060100
11/the final draft of the Iraqi constitution: Analysis and commentary, Nathan J. Brown, Carnegie Endowment for international Peace https://carnegieendowment.org/files/FinalDraftSept16.pdf
12/ Bank, A., Richter, T., & Sunik, A. (2015). Long-term monarchical survival in the Middle East: a configurational comparison, 1945-2012. *Democratization*, *22*(1), 179-200. https://doi.org/10.1080/13510347.2013.845555
13/ Brexit and the power of parliament, Dahrendorf Forum Proceedings, https://www.dahrendorf-forum.eu/wp-content/uploads/2018/08/Power-of-Parliament.pdf
14/ The constitutional Case for Kurdistan's Independence, https://www.institutkurde.org/images/mediapdf/87KFRJGMPD.pdf?fbclid=IwAR2bqM9hKjtVRYhZuB55q43m5WjuNDwUb68ImkPrKA7Qk2QFHn-7q5JVFgs
15/ Biger G., 2016, Is the Sykes – Picot Agreement of 1916 was the basis for the political division of the Middle East?, *Journal of Geography, Politics and Society*, 6(3), 50–58.
16/ Alfred Stepan, Juan J. Linz, Juli F. Minoves, Democratic parliamentary monarchies https://journalofdemocracy.org/wp-content/uploads/2014/03/Stepan-25-2.pdf
17/ Iraqi Constitution, Article 4, https://parezar.org/uploads/pdf/parezar-1642921514.pdf
**18/** John M Dunn, The enlightenment

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ترسيخ الملكية الدستورية في إقليم كوردستان

**ملخص:**
الملكية الدستورية ، أو الملكية البرلمانية ، أو الملكية الديمقراطية ، هي شكل من أشكال الملكية التي يمارس فيها الملك سلطته وفقًا للدستور وليس وحده في اتخاذ القرارات. تختلف الملكيات الدستورية عن الملكيات المطلقة من حيث أنها ملزمة بممارسة السلطة ضمن حدود يحددها إطار قانوني راسخ. في الانتقال إلى الديمقراطية ، تغيرت بعض الأنظمة الاستبدادية إلى الجمهوريات بينما تطور البعض الآخر إلى ممالك دستورية ، وملك دستوري في ديمقراطية برلمانية ، ورأس الدولة هو رمز وراثي (الذي قد يكون إمبراطورًا أو ملكًا أو ملكة أو أميرًا) يلعب دورًا تمثيليًا ويؤدي دورًا مدنيًا ولكنه لا يمارس سلطات تنفيذية أو سلطات صنع السياسات بمفرده ولكنه ينفذ بالاشتراك مع رئيس الوزراء. يجسد الملوك الدستوريون ويمثلون السلطة الدستورية الشرعية للدولة. وجودهم يساعد على تعزيز شرعية الإجراءات الحكومية.

# Consolidate The Constitutional Monarchy in The Kurdistan Regionfirst

**Wzhar Fahri Saadi**
Department of Diplomacy and International Relations, College of Law and International Relations, Lebanese French Univeristy, Erbil, Iraq
Wzhar.saadi@lfu.edu.krd

**Hawar Muhammed Yousif**
Department of Law, College of Law and international Relations, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hawar.yousif@lfu.edu.krd

**Kareem Kawa Kareem**
Department of Legal Administration, College of Administration and Economics, Lebanese French University, Kurdistan Region, Iraq
kareemkawa85@gmail.com

***Keywords:*** *Constitutional monarchy, Democracy, absolute monarchy, Kurdistan Region, separation of powers*

## Abstract
A constitutional monarchy, parliamentary monarchy, or democratic monarchy, is a form of monarchy in which the king exercises his power according to a constitution and is not alone in making decisions. Constitutional monarchies differ from absolute monarchies in that they are obliged to exercise power within limits defined by an

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

established legal framework. In the transition to democracy, some autocracies changed to republics while others evolved into constitutional monarchies, a constitutional monarch in a parliamentary democracy, the head of state is a hereditary symbol (who may be an emperor, king or queen, or prince) who mainly plays a representative role and performs civil but does not exercise executive or policy-making powers alone but executes in conjunction with the Prime Minister. Constitutional monarchs embody and represent the legitimate constitutional authority of the state. Their presence helps to reinforce the legitimacy of government actions.